# خەون

**کرمانج عەلی**
kirmanjali@yahoo.com



له بازنەی خەونێکداین
سەراپا پره له هەڵوەرینی گەڵاکانی واقع
ڕەنگەکەی  هیچ هیچ دەچێتەوه
چارەنوسیش هیچ هیچ
به هێما له وەنەوزی پێش سەفەری مەم دەچێ
به ئاماژە له زینده خەونی پێش کۆستکەوتنی زین
ئەم خەونه له هیچستانەوه دەست پێ دەکا
ئەو نەبێ،
کەس نازانێ کەی به کۆتا دەگا
ئەم خەونه بەردەوام  سنورەکانی نێوان
بوون و نەبوون و
سەرەتا و کۆتایی و
ڕق و خۆشەویستی و
ئازادی و کۆیلایی و
عاشق بوون و نەبوون
تێکەڵاو دەکا،
ئەو بەردەوام  به من دەڵێ
من هاتم تۆ نەبووی
تۆ هاتیت من نەبوم
منیش دەلێم ،
من هاتم تۆ نەبووی
تۆ هاتیت من نەبوم
من و ئەو وەک یەکین
من و ئەو له  نێوان عاشق بوون و نەبوون  داین
گوڵم له خەوندا گرنگ نیه  کێ پێش کێ دەکەوێ
چونکه له هیچستان هەنگاوەکانمان بڵقی ئاون

تا هەن هیچ کە نەشمان پووچ

بۆیە مەپرسە کێ زوو هات و کێش درەنگ

ئامادە بوون و نەبوون

بەدەست قەدەری رەشەبایە،

کە لەو دیو شاخەکانی هیچستان

دوو عاشقی شێت  هەمو شتێکیان کردۆتە خەون

عشق خەون

چارەنوس خەون

دیدار خەون

هەنگاو خەون

رەشەبا خەون

قەدەر خەون

تەنها

یەک شت خەون نیە

......

....

.... ئەوەی خەونەکە دەبینێ